# حــەوتووی قـــودس و گەلی کوردستان! 30/09/2008

به پێی راپۆرتی ئاژانسەکانی کۆماری ئیسلامی *"رۆژی جومعه۰۵/۰۷/۸۷ له شارەکانی پارێزگای کوردستان ریپێوانی شکۆدار و مەزن بە پشتیوانی خەلکی فەستین لە پێناو ئازادی قودس بەڕێوە چوو، لەم رێپێوانەدا بە دروشمی نەمان بۆ ئامریکا و نەمان بۆ ئیسرائیل رِق و تورِەیی خۆیان دژی جەلادانی زایونیست پشتیوانیان دەربرِی"، سەردار اللّەنور نورالاهی فەرماندی سپای پاسداران لەپارێزگای کوردستان دەڵێت: "رژیمی زایونیستی هۆکاری نائارامی و ئاڵۆزی جیهانی و تیروریزمی دەوڵەتیە"* .

ئیمام جومعەی کاتی سنه، مامۆستا مەلا مەحەمەدئەمین ڕاستی، به دووپاتکردنەوەی قسەکانی سەرۆککۆماری ئیسلامی ئێران مەحمودی ئەحمەدینیژاد لەخوتبەی نوێژی جومعەدا دەڵێت: *"لە یەکترازاندن و هەڵوشاندنەوەی ئیستکبار و زایۆنیزم نێزیکە"* *هەروەها دەڵێت*: " ئەوانی کە پشتیوانی لە زایۆنیزم دەکەن بە کردەوە شەریکی جنایات و سەرکوتی زایۆنیستەکانن، و بە خاتری ئەوە دەبێت چاوەڕێی عەزابی ئیلاهی بن".

هەمووومان دەزانین عەزابی ئیلاهی لەقاموسی کۆماری ئیسلامیدا بە مانای کوشتن و تیرۆرکردنی ئەو کەسانەیە!

بەڕاستی لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی ئەوەی کە بۆچی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و ئیدولۆگەکانی ئەوەندە دەهۆڵی قـــودس لەکوردستان لێدەدەن دەبێت یەکێك بێت لە ئەرکەکانی خەباتکارانی سیاسی و مەدەنی کۆمەڵگای کوردستان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کورد بۆ دابینکردنی کۆمەڵگایەکی سیکۆلار و دیموکراتیک.

کۆماری ئیسلامیی بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئائینی خەڵکی کوردستان لە رێگەی مامۆستایانی ئائینیەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە سەر بە ئەون، بۆ خنکاندنی بیری ئینسانی و رزگاریخوازی ئەم گەلە لە ژێر دەسەڵاتی کۆیلەتی و چەوسانەوە بە هەڵکردنی ***ئاڵای حەوتووی قودس*** و بە ڕژاندنی فرمێسکی درۆ بۆ خەڵکی فەلەستین لە کوردستان تێدەکۆشیت کولتوری شیعەگەری لەو شێوەیەی خۆی لە وڵاتی ئێمە پەرەپێبدات و هاوکات شیعەمەزهەبی کوردیش لە بیری کوردستانیی و لە وەفاداریی بەخاکی خۆی دوور بخاتەوە.

بۆچی قودس قیبلەی یەکەم و حەرمی مۆسەڵمانانی کوردستان بێت؟ لە کاتێکدا کوردستان بووە بە قودسی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە؟ بە وتەی سەرانی کۆماری ئیسلامیی *"ئیستکباری جیهانی لە رێگای رژیمی زایۆنیزمەوە لە ساڵی 1948 ئەو خاکەیان لە دەستی ئەوانی کە لێی دەژیان دەرهێنا"* .

ڕاستە جووڵانەوەی رزگاریخوازی خەڵکی فەلەستین حەقانیەتەکی حاشاهەڵنگرە، جووڵانەوەی خەڵکی فەلەستین جووڵانەوەیکی رزگاریخوازیی بۆ بەدەستهێنانی سەروەری خۆیان بوو، جووڵانەوەی فەلەستین جووڵانەوەیەکی شیعەگەریی و کۆنەپەرستیی نەبوو، هێنانە میدانی گرووپەکانی حیزبۆلا و ئەمول بۆ نێو جووڵانەوەیەکی سێکۆلار و ئازادیبەخش لە فەلەستین هەر لە پێناو خنکاندنی ئەو جووڵانەوەیە بوو.

کۆماری ئیسلامیی بۆ خنکاندنی بزووتنەوەی گەلی کورد سیاسەتی پشتگیرییکردن لە فەلەستینیەکان بەکار دەبات. گەلی کورد بە تایبەتی پاش ئیمپراتۆری عوسمانی لەملامنێیەکدا لە نێوان چوار دەوڵەتدا دابەش کرا، بە بێ ئەستێرەیەک سەروەری خۆی لە دەست داوە، ڕاستە داگیرکەران بۆ راگرتنی دەسەڵاتی خۆیان پەنا بۆ هەر فڕوفێڵێک دەبەن و بە دانانی حەوتووی قـــودس و بە کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتیی ماددی و مەعنەوی گەلی ئێمە سیاەلشکر لە بەکرێگیراوان و دەست و پێوەندەکانیان ساز دەکەن و لە شاشەی کاناڵە ئاسمانیەکانیانەوە پڕوپاگەندەی رەزیلی لێ ساز دەکەن، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان یەکگرتووانە بەرنگاری پیلانی دوژمنان ببنەوە.

ئیمام جومعەکانی کوردستان و مامۆستایانی ئائینی وەکوو ئیمام جومعەی موەقەتی سنە، مامۆستا مەلا مەحەمەدئەمین راستی، با نەبن بە سەکۆی درۆودەلەسە دژی نەتەوەکەیان، و رێگەی کەربەلا و قودس نەکەن بە رێگەی کوردستانیەکان، ئیمام جومعەی موەقەتی سنە بە کام پێوەر بە خەڵکی کوردستان دەڵێت: *"لەیەکترازاندن و هەڵوشاندنەوەی ئیستکبار و زایۆنیزم نێزیکە"*؟ .

به پێی ئەوەی کە لە یەک ملیۆن و چوارسەدوپەنجا هەزار نەفەر خەڵکی پارێزگای کوردستان تەنها چوارسەدودەهەزاری لە ژێر نیوەچەترێک بە نێو بیمەی هەمەگانیدان؟ بەپێی نرخی *__بێکاری دوازدەلەسەدی__* ئێران؟ بە پێی نرخی *__تەوەرومی نۆزدەلەسەد__*؟ یان بەپێی قەرزێکی *__بیستووهەشت ملیارد دۆلاریی__* بە وڵاتانی دەرەوە لە کاتێکدا وڵاتی ئێران خۆی کانگای نەوت وغاز و سووتەمەنی و وزەی دیکەیە، یان بە پێی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان رۆژانە *__نەود تۆن__* گۆشتی مریشکیان پێویستە، لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی *__ئێران تەنها 3 تۆنیان__* دەدەنێ؟

*وادیاره* لەرووانگای مامۆستا مەلا مەحەمەدئەمینـەوە *عەزابی ئیلاهی هەر بۆ خەڵکی دیکەیە هەر بۆیە دەڵێت*: "ئەوانی کە پشتیوانی لە زایۆنیزم دەکەن بە کردەوە شەریکی جنایات و سەرکوتی زایۆنیستەکانن، و بەخاتری ئەوە دەبێت چاوەڕێی عەزابی ئیلاهی بن".

مامۆستا مەلا مەحەمەد ئەمین  وڵامت چیە بۆ ئەو دایک و باوکانەی لە شارەکانی ئیلام و کرماشان تا بە پاوە و جوانرۆ و سنەو سەقز و مهاباد و نەغەدە و ورمێ دەگات کە رۆڵەکانیان بە فەرمانی ئەوانی کە فرمێسک بۆ قودسی موسڵمانان دەرێژن لە ژێر نێوی "ضدی ئینقلاب و کفار" دا هەزاران رۆڵەی ئەم گەلەیان لە خوێندا گەوزاند؟

وڵامت چیە بۆ ئەوانەی کە هەر ئێستا لە پەنا دەستی خۆتدا لە بـەندیخانەکانی سپای قودسدا حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاندووە؟ وڵامت چیەبۆ دایک و باوکی دەیان هەزار لە رۆڵەکانی کوردستان کەلە ژێر سێبەری "*حامی و پشتیوانانی خەڵکی فەلەستیندا*" لە ژێر زەختی ماددەبێهۆشکەرەکاندا پەیکرێکی داخوراویان لێ دروست کردووە؟

ئامۆژگاریت بۆ ئەوانی کە بە پشتیوانی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی بە کردەوە شەریکی جنایەتی داگیرکەرانی کوردستاینان لە گوللە بارانکردنی رۆڵەکانی ئەم گەلەدا کرد چیـە؟ ئـامۆژگاری و رێنۆنیت چیـە بـۆ بۆ ئەوانی کە بوون بە دەنگی داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامیی لە ژێر نێوی "حەوتووی قـودس" لە کوردستان؟ پێت وانیە ئەوانە دەبێت چـــاوەڕێی وڵامدانەوە بە گەلی کوردستان بن؟ گەلێکی بندەست جگە لە تێکۆشانی بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی خۆی هیچ زۆرێکی بە سەر کەسی ترەوە نەبووەو رۆڵەی هیچ نەتەوەیەکی تری لەژێر ئەشکنجەو ئازاردا ڕا نەگرتووە.

مامۆستا مەحەمەد ئەمین ئیمام جومعەی کاتیی شاری سنە، خەڵکی کوردستان لە پێناوی سەروەریی خۆیدا پێش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و ئامۆژگاریەکانی تویش قوربانیان داوە و خەبات و تیکۆشانی بۆ کردووەو دەیکات، ئەمرۆ ئیسلامی سیاسی بە سەرۆکایەتی دەسەڵاتدارانی تارانیش بە پێی بەرژەوەندی خۆیان لە کوردستانەوە حەوتووی قودس بۆ فەلەستینیەکان بەرێ دەخەن، چەند ژیرانە دەبوو کە تۆیش و خەڵکانیتریش وەکوو تۆ لە کونجی حوجرەومزگەوتەکاندا خەریکی نوێژ و تاعەتو و خێر و خێراتی ئیسلامی خۆتان ببووانیەو چی تر بەرژەوەندی گەلێکی بندەست و چەوساوە نەکەن بە قوربانی پانئیسلامیزمی شیعەگەری لە ئێراندا کە کۆپیەکی مۆدێرنی ئیمپراتۆریەتی سەفەویە.

ئەگەر بە پێوەری مێژوو قسە بکەین و لە دروشمی بێ ناوەڕۆک دەست هەڵگرین ئەوە هەموو دەزانن کە لە کوردستانی ئێمە لە ئیلام و کرماشانەوە تا دەگاتە ورمێ هەموو ئائین و مەزهەبێک بە درێژایی مێژوو پێکەوە ژیاون، و ئەگەر دەسەڵاتی رەشی داگیرکەری لێگەرێت ئەوا بەخۆشیەوە ئەو ژیانە هاوبەشە هەر بەردەوام دەبێت، بەدرێژایی مێژوو هیچ مزگەوت و حۆجرەیەک لە کوردستان دەستی زۆرداری لەلایان گەلی کوردەوە بەسەرەوە نەبووە، هەر وەکوو ئەزموونی دونیا مودێرن و پێشکەوتوودا سەلماندوویە، ئێوەیش فێر بن رێز و ئیحترام بۆ مافی مرۆڤ و بیروڕای جیاواز بەرز رابگرن، با ئائین و مەزهەب ئەمری تاکەکان بێت و پێکەوە وڵاتێکی دیموکراتیک و سیکۆلار بۆ گەلەکەمان مسۆگەر بکەین.

هەر لەسەر ئەم بناغە فیکری و ئایۆلۆژیە کە *ئێمە وەك* ***پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان*** (رۆژهەڵات) *بۆ کۆمەڵگایەك کار دەکەین کە لە سەداسەد پرنسیپی سیکۆلاریزم پەسەند بکات و جێگای هەموو جۆرەبیروباوەڕێکی ئایینی ئاسمانی و نائاسمانی تێدا بێتەوە، هاوکات هەر یەک لەوان و یان هەموویان بەشێك لە دەستەڵاتی سیاسیی نەبن. هەموو بیروباوەڕێکی ئایینی لە ناو دڵی تاکەکەس و لەماڵی خۆدا پێڕەو بکرێت. دەمانەوێت دەوڵەت و ئایین لە یەك جیا بن، ئایین دەست نەخاتەکاروباری دەوڵەتەوە، یان بەپێچەوانەوە. هیچ یاسایەك نابێت بگەڕێتەوە سەر ئایین یان پشت بە ئایین ببەستێت.*

ئەوە بەدروستییەوەخەونی سیاسیی ئێمەیە و جیهانبینیەکە کەپشتگیریی زۆرینەی لەکوردستان هەیە.

*هێرش عەلیزادە        بەشی پێوەندیەکانی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان* (*ڕۆژهەڵات*)

---

info@psdkurdistan.org     www.psdkurdistan.org

* پارێزگای کوردستان بەشێك لە رۆژهەڵاتی کوردستان (سنە، سەقز، مەریوان ،دیواندەر ، کامیاران، قوروە، بیجار و سەوڵاوا و ...) دەگرێتەوە کە لە دابەشکردنی ئوستانیدا ناوی نراوە"ئوستانی کوردستان". ئاشکرایە ئەم کارە بە ئامانجی سیاسییەوە ئەنجامدراوە و بەشی هەرەزۆری رۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند ئوستانی دیکەدا دابەشکراوە.